# کوردستانیان بە بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق دڵشاد دەبن !!

سیروان شوانی

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو هەڵبژاردەی عێراق لە خولی پێش کۆتایی جامی ئاسیادا لە هەڵبژاردەی کوریای باشووری بردەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا بۆ یاری کۆتایی جامی ئاسیا سەرکەوت، بەوهۆیەوە دانیشتووانی شارەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە رژانە شەقامەکان و ئاهەنگیان گێڕا. لەو خۆشی بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق ئاڵای سێ رەنگی عێراق کە بە ئاڵای بەعس و سوپای ئەنفال ناسراوە لەسەر شارەکانی کوردستان دا بەرزکرایەوە. بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق بەهەر بیانۆیەکەوە بووبێ، سوکایەتیکردن بە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان و قوربانیەکانی ژەهرباران دەگەیەنێ.

بردنەوەی هەڵبژاردەی تیپی پێی عێراق توانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەدەوری یەکتر کۆبکاتەوە. سوننەو شیعە، ئیسلام و مەسیحی و ئێزدی، عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری هەموویان پێکەوە بەشدارییان لە شای و خەندەکاندا کرد و تیپی هەڵبژاردەیان شاباش کرد! ئەوەی سیاسیەکان بە درێژایی 86 ساڵی رابردوودا نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، یاریزانەکان ئەنجامیان دا، بەڵام ئایە سەرکەوتنی هەڵبژاردەی عێراق کۆمەک بە رەوشی ئاسایش و ئارامی وڵاتەکەیان دەکات؟! ئایە ئیتر عێراقیەکان دەست بە کوشتنی یەکتر ناکەنەوە ؟! ئایە ئەو سەرکەوتنە وانەیەکی مێژووی بە




هاوکاری و هاوهەنگی پێکهاتەکان دەبەخشێ ؟! ئەمانە و دەیان ئایەی دیکە لە رۆژانی داهاتوودا وەڵام دەدرێنەوە.

ئەوەی بەلای چاودێرانی سیاسیەوە گرنگ بوو، هەڵکردنی ئاڵای عێراق لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دا، ئەمەش پرسیار گەلێکی لە هزرو ئادەوەری ئەواندا زیندوو کردەوە، لەو پێوەندەدا دەپرسن : ئایە کوردستانیان کارەساتی ئەنفالکردن و ژەهرباران کردن و بە سووتماککردنی نیشتمانەکەیان لەبیر چۆتەوە کە لەژێر ئەو ئاڵایەدا بەڕێوەچوو؟! ئایە ئیتر کوردستانیان دڵیان بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لێنادات ؟!

تیپی هەڵبژاردەی عێراق بە تیپێکی عەرەبی دەناسرێ، تەنانەت ئەگەر لە هەواڵی پەیامنێران و رۆژنامەوانانیش وردبینەوە راشکاوانە بۆمان دەردەکەوێ کە باس لە هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و سعودیە دەکەن، کەواتە دەبێ بردنەوەی تیپی هەڵبژاردەی عێراق چ شانازی و سەروەریی بۆ کوردستانیان بە دیاری بهێنێ ؟!

ئەگەر بەگوێرەی هەواڵەکان بێ، سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو عێراقییێک زیاتر دڵیان بەو سەرکەوتنە خۆش بووە، بەوهۆیەشەوە بەڵێنیان پێداون کە خەڵاتیان بکەن.

خەڵاتکردنی یاریزانانی تیپی هەڵبژاردەی عێراق ئەگەر بۆ خودی سەرۆک تاڵەبانی کە بە فەرمی سەرکۆماری عێراقە کارێکی سروشتی و ئاسایی بێ و بەئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ کە دڵ گەرمیان بکات و بۆ سەرکەوتنی زیاتر هانیان بدات، بەڵام بۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەژێر پرسیار دەکەوێ.

بەدرێژایی 15 ساڵی رابردوو ئەو راستیە ئاشکرابووە کە دەستەڵاتدارانی کوردستان ئەوەندی بایەخ و گرینگی بە لایەنی راگەیاندن و ریکلام و دەرخستنی کارەکانیان دەدەن، نیو ئەوەندە بیر لە خزمەتگوزاری ناکەنەوە. ئێستا هەرێمی کوردستان لە بێ خزمەتی نغرۆ بووە، خەون بە ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، شوێنی نیشتەجێبوونەوەدەبینێ. چاودێرانی سیاسی و دڵسۆزانی گەلی کوردستان حەسرەت بۆ ئەو رەفتارانەی هەڵدەکێشن کە هەرێمی کوردستانی پەلکێشی نێو راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کردووە، سیما و ئادگاری کوردستانیان بە رەشی پێشانی جیهانیان داوە. ئیتر دەستەڵاتدارانی کوردستان دەبێ لە خەمی چاودێریکردنی مافی مرۆڤ دابن و رێگە نەدەن جارێکی دیکە پێشێلکاریەکان دووپات ببنەوە، کەچی دەیانەوێ سەرنجی جیهان بە خەڵاتکردنی یاریزانانی تیپی هەڵبژاردەی عێراق بەلای خۆیان رابکێشنەوە کە هیچ شانازییەکی بۆ کوردستانیان تێدا نیە و خزمەت بە وەدیهاتنی خەونی رزگاری و سەربەخۆیی ناگەیەنێ.

دەستەڵاتدارانی کوردستان لە شاباشکردنی هونەرمەندانی دەستەمۆ، لە هاوکاریکردنی یاریزانانی تیپە حزبیەکان، لە گەورەکردنەوەی رۆڵی رێکخراوە پێشکۆو پاشکۆکان دا دەستکراوەو خزمەتگوزارن. ئێستا نۆرەی هونەرمەندانی عێراقی و یاریزانانی عێراقی و رێکخراوە عێراقیەکان هاتووە، لە قوتی خەڵک دەیگرنەوەو خەڵات بارانیان دەکەن.

دەستەڵاتدارانی کوردستان لە سەوداو مامەڵەی رۆژەڤی سیاسیدا بە دەنگی بەرز بە کوردستانیان دەڵێن کە رێگە نادەن جارێکی دیکە ئاڵای سوپای ئەنفال لە ئاسمانی کوردستان دا بشەکێتەوە، کەچی بۆ خۆیان هانی لایەنگرانی خۆیان دەدەن کە لە شایی و هەڵپەرکێی هەڵبژاردەی عێراق دا بەشداری بکەن و ئاڵای عێراق بەرز بکەنەوەو و بشەکێننەوە، هەر خۆشیان بانگهێشتی ئەو یاریزانانە دەکەن کە ئاڵای عێراقیان لەسەر دڵی خۆیان داوەو بەڵێنی خەڵاتکردنیان پێدەدەن.

لە دوایین برگەدا دەڵێین: ئایە ئەمە بانێک و دوو هەوا نیە کە دەستەڵاتدارانی کوردستان پێشانی جەماوەری دەدەن ؟!

# هێزی چەکداری تورکمان دروست دەکرێ!!

قاسم کەرکوکی

هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حکومەتی بەغداد لەسەر پێشنیاری ئەمریکا بڕیاری داوە هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی تورکمانەکان دروست بکات.

دوای تەقینەوەو کردەوە خۆژیەکانی پارێزگای کەرکوک چەکدارکردن لەسەر بنەمای نەتەوەیی هاتۆتە ئاراوە، بەوهۆیەوە باس لە چەکدارکردنی تورکمانەکان دەکرێ، بەتایبەتیش پێکهێنانی هێزێکی ئەوتۆ کە بتوانێ تورکمانە سڤیلەکان بپارێزێ.

سەرانی بەرەی تورکمانی ئەو هێزە بە کەم دەزان و داوا دەکەن کە هێزێکی 10 هەزار چەکداری بۆ تورکمانەکان پێکبهێنرێ، جەمال شان داوای کردووە کە لانی کەم 6000 تورکمان چەکدار بکرێن تاوەکو بە ئەندازەی ئەو هێزە کوردیەیان لێبێ کە بڕیار وایە رەوانەی کەرکوک بکرێ.

ئەگەر لەم هەواڵانە ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پلان و سیناریۆیێکی ترسناک بەڕێوەیە، هەم چەکدارکردنی تورکمانەکان پرسیار هەڵدەگرێ، هەمیش جێگیرکردنی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی بۆڕیە نەوتیەکان و گێڕانەوەی ئاسایش بۆ شاری کەرکوک کۆمەڵێک پرسیار لەگەڵ خۆی دا دەهێنێ.

حکومەتی عێراق لەلایەکەوە باس لە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای حزبەکان و پێکهاتەکان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر پێشنیاری ئەمریکا عەشیرەتە عەرەبیەکان چەکدار دەکات و هێزی تایبەت بۆ تورکمانەکان دەکاتەوە و هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستانیش رەوانە دۆزەخی کەرکوک دەکات.

بێگومان هەموو لایەک دەزانن کە گروپە توندڕۆکان و رێکخراوەکانی سەر بە دەوڵەتانی ناوچەکە توندوتیژیەکان قوڵتر دەکەنەوە، تەقینەوەکان و کردەوەی خۆکوژیەکان بەڕێوەدەبەن، چەکدارکردنی عەشیرەتەکان و پێکهاتەکان نەک خزمەت بە ئاسایش ناکات، بەڵکو کێشەکە گەورەتر دەکاتەوە.

ئێستا کە هێزی پاراستنی هەرێم رەوانەی کەرکوک دەکرێ و هێزی تایبەتیش بۆ تورکمانەکان پێکدەهێنرێ، لەوانەیە ئاشوریەکانیش داوای هێزی تایبەت بکەن، ئەوکاتە عەرەبەکان تێ دەمێنن، بۆ شاردنەوەی خۆیان ئەوانیش داوای هێزی تایبەت بە خۆیان دەکەن، کەواتە حکومەتی عێراق خۆی سەرچاوەی ئەو ئاڵۆزییە دروست دەکات و رەوشی پارێزگای کەرکوک و عێراق ئاڵۆزتر و شێواوتر دەکات.

با نموونەیەکی بچووک بهێنینە بەرچاومان، ئەگەر هێزی تایبەتی تورکمانەکان ببینن کە عەرەب یان کوردێکی خۆکوژ دێ و خەڵکی سڤیلی تورکمان دەکوژێ، ئایا ئەوان دەستەووەستان رادەوەستن و بیر لە تۆڵەکردنەوە ناکەنەوە ؟! ئایا لەوکاتەدا ئەو تورکمانەی کە چەکی دەوڵەتیان لەدەست دایە دەتوانن کۆنترۆڵی هەستی نەتەوەیی خۆیان بکەن و رقی خۆیان بە کەسانی دیکەدا هەڵنەڕژێنن ؟! چ زەمانەتێک لە ئارادایە کە ئەندامانی گروپە توندڕۆکان و رێکخراوە رەگەزپەرستەکان خۆیان لەنێو ئەو هێزانەدا ناشارنەوە کە حکومەت بۆ خۆی پێکیان دەهێنێ و چەکداریان دەکات ؟!

زۆر جاران باس لەوە دەکرێ کە گورپە توندڕۆکانی سوننەو شیعە ئەندامانی خۆیان رەوانەی ناو پۆلیس و ئاسایش و سوپا کردووەو توندوتیژیەکان بەڕێوەدەبەن، باشە ئەگەر وایە پێکهێنانی هێز لەسەر بنەمای نەتەوەیی دەرگە لەبەردەم گروپە توندڕۆکان دا ناکاتەوە کە دەستکراوانەتر خۆیان لەنێو دامەزراوەکان و ئەو هێزانەدا بخزێنن کە حکومەت خۆی دروستیان دەکات ؟!

ئەوەی تۆزقاڵێک لە ئەلف و بێی سیاسەت بزانێ و توانی خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیەکانی هەبێ، تێدەگات کە پیلانێکی دارێژراو دژ بە چارەنووسی کەرکوک لە ئارادایە. ئەمریکیەکان کەرکوک بە بەرمیلێک باروت دەچووێنن، تورکیاو سعودیە، عەرەبەکان و سەرانی بەرەی تورکمانییش زۆر راشکاوانە دژ بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم تێدەکۆشن. ئایا پێکهێنانی ئەو هێزە بۆ تەقاندنەوەی ئەو بەرمیلە باروتە نیە ؟! ئایا ئەمریکاو حکومەتی بەغداد ئاگایان لەو نەخشەو پیلانانە نیە کە تورکیاو وڵاتانی عەرەبی دژ بە کەرکوک دای دەرێژن و دەیانەوێ ئەنجامی بدەن؟

# رێکخراوە حزبیەکان بە پارەی حکومەت پرۆژەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن

چنار محەمەد

ماوەیەکە رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئەوانەی دیکەی سەر بەحزبەکان مەڵبەندی رۆشنبیری و خولی کۆمپیتەر دەکەنەوە و یاریگە دروست دەکەن، بەڵام کەسێک ناپرسێ ئایا ئەو رێکخراوانە ئەو گوژمەیە لە کوێ دەهێنن ؟! ئایا بودجەی ئەو رێکخراوانە چەندە تا ئاوا بێمنەتانە شەنەبای پێبکەن ؟!

رۆژی 16/7/2007 لە بەرنامەی ئاماژەی دەنگی کوردستانی ئێراق دا، لە رێگەی دیمانەیەکەوە بۆمان ئاشکرابوو کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی حکومەتی هەرێم لە نێو شارەکاندا یاریگە دروست دەکات، هەر یاریگەیەکیش 13 دەفتەر دۆلاری تێدەچێ! واتە بۆ سازکردنی هەر یاریگەیەک حکومەتی هەرێم 130 هەزار دۆلار بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەدات، بەڵام ئایا ئەو یاریگەیانە ئەو پارەیەیان تێدەچێ ؟! ئایا حکومەت چاودێری لەسەر بەڕێوەبردنی پرۆژەکان داناوە؟ ! ئایا حکومەت بۆ خۆی بێکەسەو ناتوانێ بۆ خۆی ئەنجامیان بدات ؟!

بێگومان حکومەت هەم دەتوانێ چاودێرانی خۆی لەسەر ئەو پرۆژانە دابنێ و هەمیش دەتوانێ بۆ خۆی ئەو پرۆژانە بەڕێوە ببات، بەڵام بە ئەنقەست ئەو پارەیە بە رێکخراوەکانی سەر بە حزب دەدات تا هەم تێیدا سوودمەند بن، هەمیش سەرنجی لاوان بەلای حزبەکەی خۆیانەوە رابکێشن، لە هەردوو بارەکەشدا رایەڵەی گەندەڵی و چاوبەستەکردنی خەڵک بەرچاو دەکەوێ، چونکە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە بەر لەوەی خزمەتکردن بە لاوان و خەڵکی کوردستان بێ، خزمەتکردن بە رێکخراوەکان و حزبەکانە و لەسەر حسابی خەڵکی کوردستانیشەوە ئەنجام دەدرێن، ئامانجیش بەرفراوانکردنی بنکەی جەماوەری ئەو رێکخراوانەیە کە بەرفراوانکردنی بنکەی حزب دەگەیەنێ. بەوهۆیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە حکومەت یاری گۆلکی هەیاس لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدات، لە چاوی یەکەم وا پێشان دەدات کە حکومەتی خەڵکەو خزمەت بەوان دەکات، لەچاوەکەی دیکەشەوە لێی دەدزێتەوەو بە رێکخراوەکانی سەر بە حزبیان دەدات تا تێیدا سوودمەند بن و سەرنجی خەڵک بە لای حزبەوە رابکێشن و دەنگی بۆ کۆبکەنەوە.

هەرچەندە دروستکردنی یاریگە لەنێو شارەکاندا کارێکی باشەو گەنج و لاوان دەتوانن یاری تێدا بکەن و بێکاتی خۆیانی تێدا بەسەر ببەن، بەڵام ئایا ئەگەر ئەو 13 دەفتەر دۆلارەی لە هەر یاریگەیەک سەرف دەکرێ، بۆ پرۆژەیەکی دیکەی خزمەتگوزاری سەرف بکرێ و حکومەتیش بۆ خۆی ئەنجامی بدات باشتر نابێ؟! ئایا ئەگەر حکومەت هەوڵ بدات بەو پارەیە بیری ئیرتوازی بۆ گوندە ئاوەدانکراوەکان لێ بدات، یان بەو پارەیە ئاوەڕۆ بۆ گەڕەکەکانی شار دروست بکات باشتر نیە ؟! باشە ئەگەر بەدواداچوونی ورد بۆ تیچووی ئەو یاریگەیانە بکرێ، رایەڵەکانی گەندەڵی ئاشکرا نابن و دەرناکەوێ کە کێ و چی تێیدا سوودمەندکراون ؟!

حکومەتی هەرێم دەتوانێ بودجەیەکی خەیاڵی لەبەردەست رێخکراوەکانی سەر بە حزب دابنێ، دەتوانێ هەزاران فەرمانبەری فەل وبندیوار دابمەزرێنێ، دەتوانێ زەوی نیشتمان لەسەر بەرپرس و ئەندامانی حزب تاپۆ بکات، بەڵام لە ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکاندا تێدەمێنێ و هاواری کەمی بودجەی لێبەرز دەبێتەوە و هەڕەشەی بڕینی بودجەی بڵاوکراوەکان و رێکخراوە خێرخوازەکان دەکات.

لە وڵاتێکدا کە بودجەی رێکخراوەکانی سەر بە حزبی دەستەڵاتدار خەیاڵی بێ، دەبێ بودجەی خودی حزبەکان چەند بن؟